# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زاییـــنی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# ڕۆڵی خێزان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا
# توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

**پ. د. سەلیم پەترۆس ئلیاس**

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی کۆمەڵناسی
Selim.Elias@.su.edu.krd

**جەعفەر ڕەسوڵ وسو**

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی کۆمەڵناسی
Jahfar.rasull@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی خێزان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا – توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە) تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی خێزان، لە ڕێگای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، کە لە میانیدا تاک فێری زمان و دابونەریت و بەها کۆمەڵاتییەکان دەبێتەوە، بە مەبەستی تەبایی و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا.

توێژینەوەکە لە چوار تەوەر پێک دێت، لە تەوەری یەکەمدا: ئاماژە بە چوارچێوەی توێژینەوەکە دەکات، کە تیایدا کێشە و گرنگی و ئامانج و میتۆد و چەمکەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت. تەوەری دووەمیش: بیردۆزی (ئیدوارد رۆس) لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا ڕاڤە دەکات. تەوەری سێیەم: ڕۆڵی خێزان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا لەخۆ دەگرێت. لە تەوەری چوارەمدا: ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو.

کلیلەوشە: ڕۆڵ، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، خێزان.

**پێشەکی**

کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی بـــە هـــۆی ئامرازەکانییـــەوە دەکەوێتـــە نـــاو ڕەفتـــار و جووڵـــەی کۆمەڵایەتییـــەوە، زۆربـــەی پێودانگەکانـــی کۆمەڵگـــە بـــە ڕوانیـــن لـــە ئامرازەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی، ڕۆڵـــی دامـــەزراوەی (خێـــزان) لەبـــەر چـــاو گیـــراوە و بـــە یەکێـــک لـــە ئامـــرازە گرنـــگ و بەرهەمدارەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی دێتـــە هەژمـــاردن. ئاســـتە جیـــاواز و لەیەکچووەکانـــی کۆمەڵگـــە لـــە پێـــوەری دەزگای خێـــزان لـــە ئاســـتی پێشـــکەوتن و گەشـــەی کۆمەڵایەتـــی و گەشـــەکردنی تـــاک کـــە تـــا چەنـــد لـــەم چوارچێوەیـــەدا دەردەکەوێـــت.

مەبەســـت لـــە دەزگای (خێـــزان) ئەوەیـــە کـــە تـــا چەنـــد ڕۆڵـــی لـــە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتیـــدا بینیـــوە، چونکـــە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی دروســـت نابێـــت, یاخـــود ناتـــەواوە ئەگـــەر خێـــزان ڕۆڵـــی ســـەرەکیی خـــۆی نەبینێـــت بەتایبەتیـــش لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا.

**تەوەری یەکەم**

**کێشە و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**١- ١- کێشەی توێژینەوەکە**

کـــردەی توێژینـــەوە بـــە گـــەڕان بـــەدوای کێشـــەیەکدا دەســـت پـــێ دەکات. لـــە توێژینـــەوەی زانســـتیدا، کێشـــەی توێژینـــەوە، بریتییـــە لـــە چۆنیەتیـــی ئـــەو پەیوەندییـــەی لـــە نێـــوان دوو گـــۆڕاو یـــان زیاتـــردا هەیـــە **(زیبـــاری، ٢٠١٦: ل١٢٥)**

لـــە ســـەرەتای دروســـتبوونی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتییـــەوە، خێـــزان دەزگایەکـــی بنیـــادی ســـیستەمە کۆمەڵایەتییەکـــەی بـــووە و بـــۆ پاراســـتنی ئـــەو ســـیستەمە ئەرکـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی لـــە ئەســـتۆ گرتـــووە. ئەمـــەش، واتـــا چاودێریکردنـــی ئەندامانـــی و ئاراســـتەکردنیان بـــەرەو پابەندبـــوون بـــە بەهـــا و دابونەریتـــە کۆمەڵایەتییەکانـــەوە. خێـــزان وەک بـــوون و چالاکـــی و جووڵـــە کۆمەڵاتییەکانیـــەوە، ڕۆڵـــی کارای لـــە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵاتیـــدا هەیـــە لـــە ڕێگـــەی پـــەروەردە و ڕاهێنانـــی تاکەکانـــی خێزانـــەوە.

خێـــزان، وەک یەکێـــک لـــە ئامـــرازە یەکەمینـــە بەهێـــزەکان هەژمـــار دەکرێـــت، چونکـــە پێویســـتییەکی کۆمەڵایەتییـــە بـــۆ ســـەقامگیری و چەســـپاندن و پێشخســـتنی سیســـتەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵـــگا، بۆیـــە وێناکردنـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی بەبـــێ کایـــەی خێـــزان وەک سیســـتەمێک ناتوانرێـــت بونیـــاد بنرێـــت.

پێویســـتە ڕۆڵـــی خێـــزان پەیوەســـت بکرێـــت بـــە ڕەفتـــاری تاکـــەوە؛ بـــە مانایەکـــی تـــر تـــاک پـــەروەردە کـــراوە و گوێڕایەڵـــە بـــۆ هۆشـــیاریی خێزانیـــی، دوا جـــار کۆمەڵگایەکـــی تەندروســـت و ڕێکخـــراوی لـــێ دەکەوێتـــەوە. ئامـــاژە بـــۆ ڕۆڵـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی وەک پێویســـتییەکی ســـەرەکی بـــە هـــۆی خێزانـــەوە، واتـــا جێگیرکردنـــی ســـتوونەکانی کۆمەڵگایـــە لەپێنـــاو ئاگایـــی تاکـــەکان بـــۆ حەســـانەوەی لایەنـــە کۆمەڵایەتـــی و دەروونـــی و ...هتـــد.

**١- ٢- گرنگیی توێژینەوەکە**

ئـــەم توێژینەوەیـــە هـــەوڵ دەدات تیشـــک بخاتـــە ســـەر ڕۆڵـــی خێـــزان وەک ئامرازێکـــی بەهێـــز لـــە ئامرازەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی، لەپێنـــاو ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتـــی و بەرهەمهێنانـــی ڕەفتـــار و ڕەوشـــت بەرزیـــی، کـــە تیایـــدا تـــاک فێـــری داب و نەریـــت و بەهـــا کۆمەڵایەتییـــەکان دەبێتـــەوە، لێـــرەدا ئـــەم توێژینەوەیـــە کۆمەڵێـــک زانیـــاری بەدەســـت دێنێـــت کـــە دەبنـــە هاندەرێـــک بـــۆ زیاتـــر بایەخـــدان بـــە خێـــزان لـــە لایـــەن دامـــەزراوە فەرمـــی و نافەرمییـــەکان بـــۆ ئـــەوەی بایەخـــی زیاتـــر بـــدەن بـــە خێـــزان بـــە مەبەســـتی ڕۆڵ گێـــڕان لـــە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتیـــدا.

**١- ٣- ئامانجی توێژینەوەکە**

**١- زانینی ڕۆڵی خێزان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا.**

**١- ٤- ڕێبازی توێژینەوەکە**

**ڕێبـــاز:** بریتییـــە لـــەو شـــێواز و هەنـــگاوەی کـــە پەیـــڕەو دەکرێـــت لەپێنـــاو گەیشـــتن بـــە ئامانجێکـــی دیاریکـــراودا.

ڕێبـــازی توێژینەوەکـــە، وەســـفیی شـــیکارییە کـــە یەکێکـــە لـــە ڕێبـــازە زانســـتییە گرنگـــەکان، توێـــژەر لـــە ڕێگەیـــەوە دەتوانێـــت دیـــاردە و کێشـــەکان بەتـــەواوی بناســـێت و بگاتـــە چارەســـەری کێشـــەکانی توێژینـــەوە، ئـــەم ڕێبـــازە بەرچاوڕوونـــی دەبەخشـــێتە توێـــژەر بـــۆ گەیشـــتن بـــە دەرئەنجامەکانـــی توێژینەوەکـــەی**(Susanna Loeb and Others, et al, ٢٠١٧, p.٨)**

**یەکەم/ ڕۆڵ (Role)**

**یەکەم / ڕۆڵ (Role)**

لـە دیـدی (**دینکـن میشـیل**) ڕۆڵ ڕەفتـاری چاوەڕوانکـراوی

کەسـێکی خـاوەن پێگەیـە، پێگـەی کۆمەڵایەتییـش ئـەو ئاماژەیـە، کـە سروشـتی ڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی دەستنیشـان دەکات بـە شـێوەیەک، ئامـاژە بـە بوونـی پەیوەندییەکـی بەهێـز لـە نێـوان ڕۆڵ و پێگـەی کۆمەڵایەتـی بـکات، هەروەهـا هەمـوو ڕۆڵێکـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵێـک ئـەرک و مافـی کۆمەڵایەتـی دیاریکـراوی هەیـە؛ ئەرکـەکان ئـەو هەڵسـوکەوت و کردارانـەن کـە لەمیانـی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـدا ئەنجامیـان دەدات، مافەکانیـش ئـەو پاداشـتانەن کـە لـە دوای جێبەجێکردنـی ئەرکـی چاوەڕوانکـراو پێـی دەدرێـن (**میشـیل، ١٩٨٠: ص٢٥٣ - ٢٥٤**)

لەلایەکـی تـرەوە، (**تالکـوت پارسـۆنز**) پێـی وایـە کـە ڕۆڵ نموونـەی ڕەفتـاری ئاڵوگۆڕکـراوە کـە تـاک بـە دەسـتی دەهێنێـت لـە ڕێـگای بەریەککەوتـن و کارلێککردنـی لەگـەڵ گروپەکانـی تـر (**معتـوق، ١٩٩٨: ٢٨٦**).

هەروەهـا (**ڕالـف لینتـۆن – ١٩٣٦**) پێـی وایـە: ڕۆڵ بریتییـە لـە کـۆی مۆدێلـە کولتوورییەکانـی پەیوەسـت بـە پێگەیـەک و لـە ئەنجامیشـدا شـێوەکانی تێگەیشـتن، بەهـا و ئـەو ڕەفتارانـەی کـە کۆمەڵـگا بـۆ تاکەکەسـێک، یـان هەمـوو ئـەو تاکـە کەسـانەی کـە پێگەیەکیـان بەدەسـت هێنـاوە دەگرێتەوە(**سـازگارا، ٢٠٠٣: ١٢٣**).

**پێناسـەی ڕۆڵ لـەم توێژینەوەیـەدا**، بریتییـە لـە کۆمەڵێـک چالاکـی و ئاراسـتەکردن و ڕێنمایـی کـە خێـزان ئەنجامیـان دەدات لەپێنـاوی ڕێکخسـتن و کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتیـدا.

**دووەم / خێزان (Family)**

**خێـزان:** دەزگایەکـی بنیـادی سـەرەکیی سیسـتەمی کۆمەڵایەتییـە، کۆمەڵـگا بەبـێ خێـزان دروسـت نابێـت. چونکـە ئەرکـە ناوەڕۆکییەکانـی تـاک و کۆمەڵگـە هەڵدەسـوڕێنێ، ڕۆڵـی خێـزان لـەوەدا بەرجەسـتەیە کـە بوونەوەرێکـی ئەندامی(بایۆلۆگـی) دەگۆڕێـت بـۆ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتیـی خـاوەن سروشـتی کۆمەڵگاکـەی، بـە هـۆی پەروەردەکـردن و ئاراسـتەکردنەوە و فێرکردنـی پێوەرەکانـی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتی(**خلیـل، ٢٠٠٧: ل٥**).

خێـزان وەک باشـترین ژینگەیـە بـۆ تاکەکـەس لـە ڕووی دابینکردنـی چاودێـری و گرنگـی و خۆشەویسـتی و پێزانیـن و ئارامـی و متمانـە بەخۆبـوون، ئەگـەر هەمـوو ئـەم شـتانە بەردەسـت بـن، کۆمەڵگـە دەتوانێـت تاکەکانـی بـە هۆشـیارییەوە بەدەسـت بهێنێـت، و کـە بتوانـن بەرپرسـیارێتیی بنیاتنانـی ڕاسـتیی کۆمەڵایەتیـی سـەرکەوتووی خۆیـان بگرنـە ئەسـتۆ (**سـلمان، ١٩٨٥: ص٦٣**).

خێـزان چوارچێوەیەکـی گشـتییە بـۆ ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری تاکـەکان، و هـۆکاری گواسـتنەوەی کولتـوورە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر، و سـەرچاوەی بنەڕەتـی دابونەریتـە (**نخبـة مـن المختصیـن، ١٩٩٩: ص١٠**).

**خێـزان لـەم توێژینەوەیـەدا**، ئـەم دەزگا کۆمەڵایەتییەیـە کـە پەروەردەکردنـی مـرۆڤ دەگرێتـە ئەسـتۆ و پێویسـتییە جۆراوجۆرەکانـی بـۆ دابیـن دەکات و فێـری زمـان، داب، نەریـت، ڕێسـا و بەهـا کۆمەڵایەتییەکانی دەکات، بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی ڕەفتـاری پەسـەند و گونجـاو لـە پێنـاوی ئاوێتـە بـوون لەگـەڵ ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و پاراسـتنی ئاشـتیی کۆمەڵایەتـی.

**سێیەم / کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ( Social Control)**

کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی بریتییـە لـە کۆمەڵێـک یاسـا و پێـوەری فەرمـی و نافەرمـی ڕێکخـراو بـۆ ڕەفتـاری مرۆیـی، کار دەکات لەسـەر ڕێکخسـتن و ئاراسـتەکردنی رەفتـاری تـاک لەمیانـەی دیاریکردنـی کۆمەڵێـک لـە ئامرازەکانـی شـێوازی رەفتـاری قبوڵکـراو و قبوڵنەکـراوی کۆمەڵایەتی(**السـیفانی،٢٠٢٠: ٥٧٢**).

لای (**ئیـدوارد ڕۆس**) کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی، بریتییـە لـە دەسـت بەسـەرداگرتن و زاڵبوونێکـی کۆمەڵایەتیـی مەبەسـتدار کـە هەڵدەسـتێ بـەکارە دیاریکراوەکـەی لـە کۆمەڵـگادا (**غیـث، ١٩٨٩: ٤١٨**).

هەروەهـا (**هۆلنـج شـید**) پێناسـەی کـردووە بـەوەی کـە دەڵێـت: کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی جێبەجێکردنـی بەهـا پێویسـت و پەیوەسـتانەیە کـە پەیوەنـدی نێـوان کەسـێکی دیاریکـراو لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا دیاریـدەکات، دواتـر بیرۆکـە گـروپ و چینـەکان لـە کۆمەڵگـەدا دەچنـە نـاو ئـەو پەیوەندییـە دیاریکراوە(**جابـر، ١٩٨٢: ٤٧**)

**کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی لـەم توێژینەوەیـەدا**، بریتییـە لـە کۆمەڵێـک ڕێـکار و شـێواز و ئامـراز کـە خێـزان بەکاریـان دەهێنـێ بـە ئامانجـی پەروەردەکـردن و ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری

مــرۆڤ، لــە پێنــاوی بەدیهێنانــی ئاســایش و ســەقامگیریی کۆمەڵگــە.

**تەوەری دووەم: بیردۆزی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

**ڕۆس (Ross)** پێــی وایــە کــە لەنــاو دەروونــی مــرۆڤ چــوار سروشــت هەیــە کــە ئەمانــەن (بەشــداریکردن، توانــای بەکۆمەڵایەتیبــوون، هەســتکردن بەدادپەروەریــی و کاردانــەوەی تــاک). ئــەم سروشــتانە سیســتەمێکی کۆمەڵایەتــی بــۆ مــرۆڤ دادەمەزرێنــێ لەســەر بنەمــای ئاڵوگــۆڕی کۆمەڵایەتــی نێــوان تاکەکانــی کۆمەڵــگا بــە شــێوەی خۆشەویســتی(**Ross, 1901: 12-18**).

بیــردۆزی (**ڕۆس- Ross**) لــە بابەتــی کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی لەمیانــی جیاوازیکردنــی نێــوان فاکتــەرە ڕەوشــتکارییەکان و کۆمەڵایەتییــەکان هەڵدەقوڵێــت. لــە ڕوانگــەی (**ڕۆس- Ross**)ەوە فاکتــەرە ڕەوشــتییەکان بریتیــن لــەو ڕەوشــتە سروشــتییانەی کــە لای هەمــوو تاکــەکان بوونیــان هەیــە کــە ئەمانــەن:-

**سروشــتی یەکــەم:- هاوســۆزی و بەشــداریکردن،** لــە ســەرەتاوە ئــەم هاوســۆزییە لــە نێــو خێزانــەوە لــە ئەرکــی وەچەخســتنەوە دەســت پــێ دەکات، دواتــر بــە خۆشەویســتی و پەیوەنــدی، دواتــر ســنووری خێــزان تێدەپەڕێنێــت بــۆ تاکەکانــی تــر و بــۆ کۆمەڵگــە، وا لــە تــاک دەکات دووری لەگــەڵ تاکەکانــی تــر نەهێڵێــت و هاوســۆز بێــت و لەگەڵیــان ئــارام بێــت لــە مامەڵــە و پەیوەنــدی ڕۆژانــەی و گیانــی هــاوکاری لــە ناخیــدا بێــت و ســنووری ئــەم ڕێکخســتنە نەبەزێنیــت، کــە کۆمەڵگــە داینــاوە، ئــەم سروشــە لای (**ئیــدوارد ڕۆس**) ڕێــگا خۆشــکەرە بــۆ ئــەوەی کۆمەڵگــە بگەیەنێتــە ئاســایش و هاوســەنگی.

**سروشــتی دووەم: توانــای بەکۆمەڵایەتیبــوون،** بــە واتــای ئــەوە دێــت، کــە تــاک ناتوانێــت بــە تەنیــا بــژی و پێویســتی بــە کۆمەڵبــوون هەیــە لەگــەڵ تاکەکانــی تــردا. ئەمــەش دەبێتــە پاڵنــەر لــە هــزری مــرۆڤ بــۆ کۆمــەڵ بــوون، بەســتنی پەیوەندیــی کۆمەڵایەتــی ڕاســتەوخۆ و کارکــردن دەبێتــە هــۆی پارێــزگاری لــە سیســتەمە کۆمەڵایەتییــەکان.

لــە هەمــان کاتــدا بچێتــە ژێــر بــاری ئــەو کۆنترۆڵــە کۆمەڵایەتییــەی کــە کۆمەڵگــە داینــاوە و لــە ســەری ڕێــک کەوتــوون، لــە پێنــاو بەردەوامبوونــی کۆمەڵبــوون و مانــەوە و پێکەوەژیــان و ڕێزگرتــن، دواتــر بەگوێــرەی پێشــکەوتنە کۆمەڵایەتییــەکان لــە ناوەڕۆکــی ئــەم پرۆســەیە ئــاوەز هاتــە پێشــەوە و شــوێنی ڕەمەکیی(سروشــی) گرتــەوە، لێرەوە تاکــەکان گرنگیــی کۆمەڵبوونیــان بــۆ دەرکــەوت، کــە بەرژەوەنــدی کۆیــان دەکاتــەوە، ئەمــەش قۆناغێکــی جیاوازتــرە لــەوەی پێشــوو، کۆمەڵبــوون، دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی دەزگا و ڕێکخــراوی جۆراوجــۆر و هەمەڕەنــگ و دروســتبوونی دەوڵــەت.

**سروشــی ســێیەم: هەســتکردن بــە دادپەروەرییــە،** ئــەم سروشــتە کار لــە تــاک دەکات، لەســەر پێکبەســتنەوەی بەرژەوەنــدی و گرنگــی پێدانەکانــی خــۆی و تاکەکانــی تریــش، تــاک چــۆن بەرژەوەنــدی و ئارەزووەکانــی خــۆی دەبینێــت، پێویســتە ئــاواش بــۆ خەڵکــی تــر ببینێــت و دادپــەروەر بێــت، ئــەم هەســتە کار دەکات لەســەر ئــەوەی تــاک دوور بخاتــەوە لــە دەســتدرێژکردن بــۆ ســەر مافــی ئەوانــی تــر. ئەمــەش پاڵنەرێکــە بــۆ تاکــەکان تــا هەســت بــە بوونــی ئــەم ئــازارە بکــەن، کــە لــە بەشــێکی جەســتەیان دروســت دەبێــت و ئــەم هەســتەیان لا دروســت بێــت، کــە ئــازار بەکەســانی تــر نەگەیەنــن، هەســتکردن بــە گرنگیــی دادپــەروەری پــاڵ بــە تاکــەوە دەنێــت، بــۆ کۆنترۆڵــی بەرژەوەنــدی و ئارەزووەکانــی بەرامبــەر بەرژەوەنــدی و گرنگــی پێدانەکانــی تاکەکانــی تــر و، خۆویســتی خــۆی بخاتــە لایەکــەوە، لــە پێنــاو بەدیهێنانــی دادپــەروەری و ئــەوەی بــۆ خــۆی پێــی خۆشــە بــۆ ئەوانــی تریــش پێــی خــۆش بێــت، ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت، کــە تــاک، تاکەکانــی تــری لــە هزردایــە،

ئەمە یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی جێگیریی کۆمەڵایەتی.

**سروشــتی چــوارەم: هەســتی کاردانــەوە:** جۆرێکــە لــە جۆرەکانــی ڕەفتــاری مــرۆڤ و هەســتکردنیەتی بــە ئازارێــک کاتێــک کــە لــە شــوێنێکی جەســتەی دروســت دەبێــت و چــۆن دەبیــت بــۆی، (**ڕۆس**) پێــی وایــە کاتێــک ئــەم ســێ سروشــتەی بــاس کــران لــە پێشــدا بــەس نەبــوون و نەبوونــە ڕێگــر و کۆنترۆڵکردنــی ڕەفتــاری تاکــەکان لــەوەی، هێــرش نەکەنــە ســەر مافــی ئەوانــی تــر، ئــەوا تۆڵــە دەبێتــە بەربەســتیان، ئــەم سروشــتە نزیکــە لــە تۆڵــە، بنەمــای چــاو بــە چــاو، ددان بــە ددان تایبەتمەندییەکــی ئــاکاری هەیــە و لایەنگیــری یەکســانی دەکات لــە نێــوان خەڵــک، لــە ڕێــگای پشــتگیریکردنی لــە مافــە

سروشـــتییە هاوســـەنگەکان، هەروەهـــا لایەنگیـــری داخـــوازی لاوازەکان دەکات، لـــە دژی ئەوانـــەی کۆنترۆڵـــی هێـــز دەکـــەن، لەبـــەر ئـــەوە بـــە هۆکارێکـــی ســـەرەکی هەژمـــار دەکرێـــت، لـــە ئاســـایش و سیســـتەم. لەهـــەر کۆمەڵگەیـــەک، کۆمەڵێـــک بنەمـــا هـــەن بـــۆ وەڵامدانـــەوەی ڕفتـــار، بۆیـــە (**ڕۆس**) وای دەبینێـــت، ســـەرەرای ئـــەوەی بـــاس کـــرا لەبـــارەی کاردانـــەوە، کاردانـــەوەی تاکـــە، کـــە بـــە تەنیـــا پێـــی هەڵدەســـتێت، لـــە پێنـــاو تۆڵـــە و دەبێتـــە ڕێگـــر، لەبـــەردەم کـــردەی کۆمەڵایەتیـــی کۆمەڵگـــە لـــە هەڵســـان بـــەم کـــردارە، لـــە ڕێگـــەی نەریـــت و یاســـا و دەســـەڵاتەوە.

**ڕۆس(Ross)** وا دەبینـــێ کـــە هەرچەنـــد کۆمەڵـــگاکان پەرەیـــان ســـەند ئـــەم سروشـــتانە لاواز دەبنـــەوە و بەرژەوەنـــدی خودیـــی زاڵ دەبێـــت. لێـــرەدا کۆمەڵـــگاکان ناچـــار دەبـــن کـــە پەنـــا بـــۆ کۆنترۆڵـــی دەســـتکرد ببـــەن بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی پەیوەندیـــی نێـــوان تاکـــەکان. واتـــا چەندیـــن هـــۆکار هـــەن بـــۆ دۆزینـــەوەی پێویســـتی بـــۆ کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی و پەرەســـەندنی ئامرازەکانـــی وک (زیادبوونـــی قەبـــارەی دانیشـــتووان، لاوازبوونـــی سروشـــتەکان و ســـەرهەڵدانی تیـــرە و خێڵـــی نـــوێ.

بـــە تێڕوانینـــی (ڕۆسRoss - ) ئامرازەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی لـــە جۆرەهـــا نموونـــە لـــە سیســـتەم و بەهـــای کۆمەڵایەتـــی کـــە کار دەکاتـــە ســـەر ســـەقامگیریی و یەکگرتنـــی کۆمەڵایەتـــی. کـــە بریتیـــن لەمانـــەی خـــوارەوە(**Ibid, P89**).

١- یاســـا ٢- نەریـــت ٣- ئاییـــن ٤- ڕای گشـــتی ٥- پـــەروەردە: أ- خێـــزان، ب- قوتابخانـــە ٦- ڕۆشـــنگەری ٧- بیروبـــاوەڕ ٨- سروشـــتی کۆمەڵایەتـــی ٩- نمونـــەی کەســـایەتیی بـــاڵا ١٠- بەهـــا کۆمەڵایەتییـــەکان ١١- ئەندێشـــە ١٢- دەســـتەبژێر ١٣- هونـــەر ١٤- سرووتـــە کۆمەڵایەتییـــەکان ١٥- توخمـــە ڕەوشـــتکارییەکان.

(**ڕۆس- Ross**) ئەمانـــەی نـــاو نابـــوو ئامرازەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی، لەبـــەر ئـــەوە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی لای (**ڕۆس- Ross**) فشـــار و پابەندکردنـــی کۆمەڵایەتیـــی لەخـــۆ دەگـــرێ، ئامرازەکانـــی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتیـــی دەســـەڵاتی یاســـا ئاکارییـــەکان و کۆمەڵایەتـــی لەســـەر تاکـــە لادەرەکان دەنوێنـــێ، ئـــەم دەســـەڵاتە مافـــی گروپـــە مرۆییەکانـــە جـــا ئەگـــەر خێـــزان بێـــت، یـــان قوتابخانـــە یـــان هـــەر دەســـتەیەکی کۆمەڵایەتـــی تـــر، چونکـــە ئـــەم دەزگایانـــە سیســـتەمی کۆمەڵایەتـــی و ڕێســـای ڕەفتارســـازی تایبەتییـــان هەیـــە و بەگوێـــرەی ئـــەوان هەنـــگاو دەنێـــت. هـــەر لادانێـــک لێیـــان دووچـــاری ڕیســـواکردن و ســـووکایەتی پێکردنـــی کۆمەڵایەتـــی دەبنـــەوە، لـــە پێنـــاو ئەوەشـــدا تاکەکانـــی کۆمەڵگـــە هەوڵـــی پاراســـتنیان دەدەن لـــە ترســـی زەبروزەنـــگ. لـــە لایەکـــی دیکـــەوە (**ڕۆس- Ross**) ئامـــاژە بـــە سیســـتەمی کۆمەڵایەتیـــی دەدات و پێـــی وایـــە کـــە بریتییـــە لـــە تەونـــی کۆمەڵایەتیـــی، کـــە ڕێـــی خـــۆش کـــردووە بـــۆ ئەرکێکـــی کۆمەڵایەتـــی گرنـــگ. (**ڕۆس- Ross**) پێـــی وایـــە کـــە کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی چاودێرییەکـــی کۆمەڵایەتـــی مەبەســـتدارە، پێویســـتییەکی کۆمەڵایەتییـــە کـــە گوزارشـــت لـــە بەهـــا ئەخلاقییـــەکان دەکات وەک هێزێکـــی کاریگـــەر بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئارامـــی و جێگیریـــی لـــە کۆمەڵگـــەدا(**Ibid, P41**)

لـــە ڕوانگـــەی (**ڕۆس- Ross**) وە، کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی لـــە بنەڕەتـــدا پشـــت بـــە بیرۆکـــەی یاســـای سروشـــتی دەبەســـتێت، کـــە ئەویـــش پشـــت بـــە سروشـــتی مرۆیـــی دەبەســـتێت کـــە پێـــی وایـــە سروشـــتێکی کۆمەڵایەتـــی چاکـــە، و وایدەبینێـــت کـــە سیســـتەمی کۆمەڵایەتـــی سروشـــتیی نییـــە بەڵکـــو بەدەســـتهێنراوە و پشـــت بـــە کۆنتـــرۆڵ دەبەســـتێت و هەرگیـــز پێشـــبینی ئـــەوە ناکرێـــت کـــە کۆمەڵگەیـــەک هەبێـــت بـــێ سیســـتەم بێـــت، (**ڕۆس- Ross**) پێـــی وایـــە کـــە پرۆســـەی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی پێویســـتە بـــۆ پتەوکردنـــی ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی. کۆمەڵگـــە لـــە بزوتنەوەیەکـــی پەرەســـەندوو و پێشـــکەتووی بەردەوامدایـــە، ئـــەوەش دەبێتـــە هۆکارێـــک بـــۆ نوێکردنـــەوەی کۆنترۆڵـــی کۆمەڵایەتـــی بـــە شـــێوەیەکی هەمیشـــەیی بـــۆ ئـــەوەی لەگـــەڵ پەرەســـەندنەکان بگونجـــێ کـــە لـــە کۆمەڵگـــەدا ڕوو دەدەن (**Ibid, P13**).

### تەوەری سێیەم / ڕۆڵی خێزان لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا

#### ١- خێزان(Family)

خێـــزان بچووکتریـــن و ســـەرەکیترین یەکـــەی کۆمەڵایەتییـــە بەتایبەتیـــش لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا، لـــە باوەشـــی خێزانـــدا پرۆســـەی بەکۆمەڵایەتیبـــوون(Socialization) بـــۆ هـــەر یەکێـــک لـــە تاکەکانـــی کۆمەڵگـــە ئەنجـــام دەدرێـــن، کـــە لەمیانیـــدا تـــاک دەگـــۆڕێ لـــە بوونەوەرێکـــی ئەندامـــی بـــۆ بوونەوەرێکـــی کۆمەڵایەتـــی، تیایـــدا فێـــری زمـــان و هەڵمژینـــی توخمەکانـــی کولتـــووری کۆمەڵایەتـــی دەبێـــت.

خێـزان چوارچێوەیەکـی گشـتییە بـۆ ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری تاکـەکان، و هـۆکاری گواسـتنەوەی کولتـوورە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر، و سـەرچاوەیەکی بنەڕەتـی و گرنگـی نەریتـە، کـە ئامرازێکـی سـەرەکییە لـە ئامرازەکانـی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتی(**نخبـة مـن المختصیـن، ١٩٩٩: ١٠**).

خێـزان بەگرنگتریـن دامەزراوەکانـی پێگەیانـدن و کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی دادەنرێـت، کـە تاکـەکان لـەو ڕێگەیـەوە دابونەریـت و بەهـای کۆمەڵگەیـان بـۆ دەگوازێتـەوە، لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەمـە قۆناغـی یەکەمـی ژیانـی منـداڵ لـە خێزانـەوە دەسـت پـێ دەکات، منـداڵ لەوێـدا هۆشـیاری ئـەوەی لـێ دروسـت دەبێـت کـە بوونەوەرێکـی زینـدووی خـاوەن بوونـی خۆیەتـی، ئینجـا هۆشـیاری لەبـارەی ئـەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی کـە تێیـدا دەژی پەیـدا دەکات) **زیبـاري، ٢٠٠٨: ٣٢)**.

خێـزان لـە مانـا گشـتییەکەی چەمکێکـی جیهانییـە، خێـزان لـە هەمـوو شـوێنێکدا بوونـی هەیـە، چونکـە وەڵامـدەرەوەی کۆمەڵێـک پێداویسـتییە کـە بـۆ سـەرجەم مرۆڤایەتـی هاوبەشـن. تاکەکانی کۆمەڵگـە لـە خێزانـەوە ژیـان دەسـت پـێ دەکـەن، تۆڕێـک لـە پەیوەندیـی بـەر قـەرارە و لەبەرئـەوەی ئـەم یەکـە کۆمەڵایەتییـە گرینگییەکـی زۆری لـە ژیانـی مرۆڤـدا هەیـە، کۆمەڵناسـان بـە دامەزراوەیەکـی کۆمەڵایەتـی نـاوزەدی دەکـەن. لەگـەڵ ئـەوەی کـە بونیـادەکان و زۆرێـک لـە ئەرکەکانـی خێـزان لەوانەیـە لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی دیکـە بگۆڕیـن، بـەڵام ئـەو خاڵـەی کـە هێشـتا واقیعـی ئەوەیـە کـە کۆمەڵگـە لـە خێزانـەکان پێـک هاتـووە و زۆربـەی تاکەکانی کۆمەڵگـە لـە خێزانـەوە ژیـان دەسـت پـێ دەکەن(**موحسـینی، ٢٠٠٢: ٣٧٩**).

ئەرکـی سـەرەکی کۆمەڵایەتیـی خێـزان بـە پرۆسـەی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتیـی منداڵـەوە پەیوەسـتە، خێـزان بریتییـە لـە یەکەمیـن قوتابخانـەی منـداڵان و یەکەمیـن هـۆکارە کـە ڕەفتـاری منـداڵان بـە شـێوەیەکی کۆمەڵایەتییانـە ڕەنگرێـژ دەکات. منـداڵ کـە لەدایـک دەبێـت بوونەوەرێکـی بایۆلـۆژی ڕووتـە بێجگـە لـە هەنـدێ ڕەمـەک و ئامادەباشـی هیـچ شـتێک دەربـارەی کۆمـەڵ و دابونەریـت و ئاکارەکانـی نازانـێ، بـەڵام ڕۆژ بـەدوای ڕۆژ لـە ئەنجامـی ژیانـی لـە نێـو خێزانـدا شـارەزایی و زانیـاری لەبـارەی کۆمـەڵ و زمـان و ئایینیـی و ئەخـلاق و دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی پەیـدا دەکات، و وردە وردە لـە بوونەوەرێکـی بایۆلۆژییـەوە بـۆ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتـی دەگۆڕێت)**عزیـز، ٢٠١٦: ٣٠**).

لـە گرنگتریـن ئەرکەکانـی خێـزان وەچەخسـتنەوەیە. خـوای گـەورە ڕەمەکـی دایکایەتـی و باوکایەتـی لـەلای دایـکان و بـاوکان دروسـت کـردووە بـۆ پاراسـتنی ڕەگـەزی مرۆیـی و بەردەوامبـوون بـۆ درێـژەدان بـە ژیانـی دونیـا. نهێنـی پێدانـی ئـەم ڕەمەکـە زگماکییـە بـە بـاوان بریتییـە لـە ئاسـانکردنی ئارامگرتـن لەسـەر پەروەردەکـردن و پێگەیاندنـی منداڵـەکان بەبـێ ماندووبـون. بەبـێ ئـەم ڕەمەکانـە، لەوانەیـە ئارامگرتـن لەسـەر پەروەردەکردنـی مناڵـەکان شـتێکی ئەسـتەم بێـت، بـە تایبەتـی مـاوەی ئـەو پەروەردەکردنـە دەگاتـە زیاتـر لـە بیسـت سـاڵ )**عەبدولجـەواد، ٢٠٢٠: ١٣٦)**.

هەنـدێ لـە توێژینـەوەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن گرنگتریـن ڕۆڵەکانـی خێـزان بریتییـە لـە پێدانـی کۆمەڵێـک بەهـای گـەورە بـە منداڵەکانیـان لـەو بەهایانـەش: بەهـای ئایینـی و ئاکاریـی و بەهـای دەسـتپاکی و ڕاسـتگۆیی، وێـڕای بەهـا کۆمەڵایەتییەکانـی وەک هـاوکاری و بەشـداری و ڕاسـگۆیی و خۆشویسـتنی ئەوانـی دیکـە و کۆمەڵێـک بەهـای کەسـی و سـۆزداری و نەرمونیانـی و خاکێتی(التواضـع)، بەهـای نیشـتیمانی وەک خۆشەویسـتی و هۆگـری بـۆ نیشـتمان و شـانازیکردن بـە ناسـنامە و ئـازادی، کـە ئەمانـە هەموویـان دەبنـە هـۆی هاوئەرکـی و کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی و خەمخـۆری بـۆ پێشـکەوتنی گـەل و نیشـتمان) **ابوحلـو، ٢٠٠٤: ٦)**.

پـەروەردەی منـداڵ لەنـاو خۆیـدا دەکرێتـە سـێ بـەش: بەشـی یەکـەم بەخێوکردنـە، دووەم فێرکردنـە، سـێیەم پەروەردەکردنـە. بەخێوکـردن لـە پرۆسـەی پەیدابوونـی کۆرپەلـە هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـی نـاو سـکی دایکیـەوە دەسـت پـێ دەکات تاوەکـو نـۆ مانـگ تـەواو دەکات و کۆرپـە لـە دایـک دەبێـت. فێرکـردن، بریتییـە لـە سـستەمێکی دیاریکـراوی بـاوەڕ و توانایـی کـە لـە دایـک و باوکـەوە بـۆ منـداڵ دەگوازێتـەوە، وەکـو: فێرکردنـی زمـان، یارمەتیـدان بـۆ ڕۆیشـتنی، هەروەهـا فێرکردنـی هەڵسـوکەوتی گونجـاو لەگـەڵ ژیانـی مـرۆڤ و گواسـتنەوەی وردە وردەی زانیـاری بەپێـی قۆناغەکانـی تەمـەن

و توانـای منـداڵ، بـۆ ئـەوەی لـە دونیـای دەوروبـەری خـۆی شـارەزا بێـت و تـێ بـگات و هەسـت بـە ئاسـایش بـکات و بـاوەڕی بەخـۆ بێـت و بتوانێـت. ببێتـە نـاو ژیانـەوە. پەروەردەکـردن بریتییـە لـە فێرکردنـی زانسـتییانە لەنـاو سسـتەمێکی دیاریکـراوی ئامانجـدار کـە کۆتاییەکـەی بریتـی دەبێـت لـە گواسـتنەوەی ئـەو ڕوانگەیـە یـان پێگەیاندنـی منـداڵ بـەو ڕوانگەیـەی کـە وێنـە دەکرێـت و مرۆڤـی ئـەم کۆمەڵگەیـە لەسـەر پـێ دەگەیەنرێـت. پـەروەردە بریتییـە لـە فێرکـردن بـۆ گواسـتنەوەی زانسـت و زانیـاری، ڕێوشـوێن و هەڵسـوکەوت هەروەهـا تواناییەکانـی دیکـەی ژیـان کـە بـۆ منـداڵ پێویسـتن (**قـادر، ٢٠٢١: ٩ - ١٠**)

لەبـەر ئەمـە، هەوڵـدان بـۆ پێگەیانـدن و پـەروەردەی منـداڵ لـە دامـەزراوە جێگرەوەکانـی خێـزان، ئەگەرچـی بـۆ ماوەیەکیشـە، وەک ڕۆڵـی دایەنگـە، باخچـەی منـاڵان، ناوەنـدە پەناگـە جیـاوازەکان، ئەگەرچـی ئـەم دامەزراوانـە هەوڵیشـیان داوە گەشـە بـە ڕۆڵـی خۆیـان بـدە، بـەڵام بەدەگمـەن بتوانـن کەشـێکی گونجـاوی پێویسـت دروسـت بکـەن. چاکـەی یەکـەم لـە هێنانـە سـەر بـار و پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتیـی تـاک بـۆ خێـزان دەگەڕێتـەوە، چونکـە خێـزان سـۆز و میهرەبانـی پـێ دەبەخشـێت، لـە خێزانـەوە زمـان و ئاییـن و دابونەریـت و بەهـا کۆمەڵایەتییـە باشـەکان وەردەگرێـت، گیانـی پێکەوەیـی و بەشـدارییە هەسـت جوڵێنـەرەکان و حـەزی هـاوکاری تێـدا دەڕوێـت. کاتێـک گـەورە بـوو، کەسـێکی خۆشەویسـت دەردەچێـت. بـە شـێوەیەکی سروشـتی، ڕۆڵـی خێـزان لـە پێگەیاندنـدا ڕۆڵێکـی مەترسـیدارە و و ناکۆکـی لەسـەر نییـە، بـەڵام دامـەزراوە پەروەردەییەکانـی کۆمەڵگـە لـە قۆناغێکـی دیکـەدا ڕۆڵیـان لـە تەواوکردنـی ئـەم پرۆسـەی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتییـەدا دەبێـت کـە خێـزان دەسـتی پـێ کـردووە. پرۆسـەی پێگەیاندنیـش پشـت بـە فـۆڕم و بەهـاو و ڕێکخستنە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـە دەبەسـتێت. کەواتـە خێـزان پرۆسـەکانی پێگەیانـدن بـۆ تاکەکانـی دەسـت پـێ دەکات. پاشـان قوتابخانـە و کۆمەڵگـە تـەواوی دەکـەن )**عەبدولجـەواد، سـەرچاوەی پێشـوو: ١٣٦**).

خێـزان وەکـو ڕێکخراوێکـی کۆمەڵایەتیـی بـەردی بناغـەی بونیـادی کۆمەڵایەتییـە، چونکـە کۆڵەگەیەکـە سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە پشـتی پـێ دەبەسـتن و ئەگـەر شـیرازەی خێـزان تێـک چـوو ئـەوە کـۆی سیسـتەمەکەی دیکـەی کۆمەڵگـە تێـک دەچـێ )**الـوافي، ١٩٥٦: ٢٠**).

خێـزان یەکەمیـن ناوەنـدی کولتـوورە، کـە ژیانـی تـاک دروسـت دەکات، بـە پێگەیاندنـی لـە خـۆ دەگرێـت، تیایـدا کۆمەڵێـک پەیوەنـدی و چەشـنی کولتـووری سـەبارەت بـە کولتـووری نەتەوەکـەی فێـر دەبێـت، وەک شـێوازی هاوسـەرگیری و پەیوەندییـە هاوسـەرییەکان، پێگـەی پیـاو و ئافـرەت، پەیوەندیـی بـاوان و منداڵـەکان، ئامـرازی ڕاکێشـانیان، واتـای هاوبەندیـی و خێزانـی و لێپرسراوێتـی کۆمەڵایەتـی، جگـە لەمانـەش چەندینـی تریـش لـەو ئاراسـتە ڕەفتـاری و ڕاهێنانـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە بـۆ تـاک دەخرێنـە ڕوو. خێـزان ئامرازێکـە لـە گواسـتنەوەی کولتـوور بـۆ منـداڵ، لـە ڕێگەیـەوە منـداڵ دەتوانێـت کولتـووری سـەردەمەکەی و ئـەو ژینگـەی تیایـدا دەژی بزانێـت، هەروەهـا چەشـنە گشـتییە بـاوەکان لـە کۆمەڵگەیەکـدا دەزانێـت، خێـزان ئـەو کولتـوورە هەڵدەبژێرێـت کـە بەلایـەوە گرنگـە، ڕاڤـەی دەکات و بڕیـاڕی لەسـەر دەدات، کـە دواتـر دەبێتـە منداڵەکـە. کەواتـە دەکرێـت بگوترێـت تێڕوانینـی منـداڵ بـۆ میراتـی کولتـووری لـە تێڕوانینـی خێزانەکەیـەوە دەبێـت )**علیخزاعلـە و ئەوانـی دیکـە، ٢٠١٨: ١٦٠**).

(لندبیـرج – Lindberg) پێـی وایـە خێـزان یەکەمیـن سیسـتەمی مرۆییـە، گرنگتریـن ئەرکەکانـی وەچەخستنەوەیە لـە پێنـاو پاراسـتنی جـۆری مرۆیـی، هەروەهـا سسـتەمەکانی دیکـە لـە ژیانـی خێزانییـەوە سـەرچاوە دەگـرن، واتـە شـێوەکانی ڕەفتـاری کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی و پـەروەردە و خۆشـگوزەرانی و ئایینـی، لـە سـەرەتادا لـە نـاو خێـزادا گەشـەی سـەندووە (**غیـث، ١٩٧٠: ١٥١**).

خێـزان لـە لێکدانـەوەی چەمـک و بەهـا کۆمەڵایەتییـە سیاسـییەکان بـۆ منـداڵ ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەیـە و منـداڵ لـە نـاو خێزانـدا پراکتیـزەی دیموکراسـی و بەشـداری ئەرێنیـی بڕیارەکانـی دەکا و لـە لایەکـی دیکـەوە گوێڕایەڵـی بـۆ دەسـەڵات خـۆی لـە دایـک و باوکـدا دەنوێنـێ و هـەر لـە نـاو خێزانـدا منـداڵ فێـری ئـازادی دەبـێ و لـەوێ فێـری پراکتیزەکـردن و سـنووری ئـازادی دەبـێ کـە خـۆی لـە ئارامـی

خـۆی و ئارامـی ئەوانـی دیکـە و ڕێزگرتـن لـە مافـی کەسـانی دیکـە دەنوێنــێ )**خلــف، ٢٠٠٦: ٦٤)**.

پـەروەردەی خێـزان پـردی سـەرەکیی گواسـتنەوەی مانـاکان و هێــزە لــە نەوەیەکـــەوە بــۆ دوای خــۆی. پــەروەردەی نــاو خێــزان و کۆمەڵــی خۆجێــی، ئەگــەر لەنــاو سســـتەمێکی دەســـەڵاتدار نەبێـــت، ئـــەوا تەنیـــا کولتـــووری خۆجێـــی و ســـادە دەگوازێتـــەوە و هەســـتی لەبـــەر هێرشـــی کولتـــوورە بەهێزەکاندایـــە کـــە لـــە دوورەوە دەســـتی بـــۆ درێـــژ دەکـــەن، بـــەڵام پـــەروەردەی سیســـتەمداری نـــاو دەســـەڵاتی میللـــی بـــە پرۆگـــرام و کاریگەرییەکـــی بەهێـــزەوە کولتـــوور دەگوازێتـــەوە بـــۆ نەوەکانـــی داهاتـــوو. هەروەهـــا لـــە پرۆســـەی ژیانـــدا بـــەردەوام مانـــای نـــوێ دەخاتـــە ســـەر گەنجینـــەی زانیاریـــی کۆمەڵایەتـی. پـەروەردەی خێـزان کار لـە مـرۆڤ دەکات و هێـز لـەودا جێگیـر دەکات، کەواتـە هێـز لـە مرۆڤـدا ئۆقـرە دەگـرێ و دەکەوێتـە گـەڕ، هـەر لەوێشـدا مانـا پەیـدا دەکات. ئەویـش لــە ڕێــگای بــاوەڕ پەیوەندیــی تایبەتی(**قــادر. ٢٠٢١: ٥٨-٥٩)**.

**چارلــس کولــی** خێــزان بــە بەرزتریــن نموونــە دەزانــێ بــۆ گروپــە ســەرەتاییەکان. گروپێــک کــە ئەرکــی پاراســتن و پارێــزگاری کردنــی مرۆڤــە و ئەفرێنــەری جوانتریــن هەســتی نــاسراوی مرۆڤایەتییــە، دەتوانیــن بڵێیــن کــە خێــزان لــە مانـای تایبەتیـدا گروپێکـی کۆمەڵایەتییـە کـە تێیـدا ڕەوایەتـی دەدەرێــت بــە پەیوەنــدی سێکســی لــە نێــوان ژن و پیــاو، زاوزێ بـە شـێوەیەکی ڕەوا بەردەسـت دەبـێ، لـە بەرامبـەردا کۆمەڵگـە لــە ڕووی چاودێــری و گەشــەی منداڵانــەوە بەرپرســە، جــۆری جێگــر و تایبــەت لــە هەســت و ســۆز دێتــە ئــاراوە و بەهێــز دەکرێــت، و دواجــار ئامرازێکــە لــە ئامرازەکانــی کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتــی )**موحســـینی، ٢٠٠٨: ٣٨٠)**.

خێــزان هــەر لەکاتــی دامەزراندنییــەوە و تــا ئێســتاش بەردەوامـە لـە بەدواداچـوون و چاودێـری ڕەفتـاری تاکەکانـی لــە ســنووری بەهــا و پێــوەرە ڕەفتارگەراییــە نــاسراوەکان؛ هێــزی چاودێریــی کۆمەڵایەتیــی خێــزان، لــەوە ســەرچاوە دەگرێــت بــەو پەســنەی خێــزان پێکهێنەرێکــی ســەرەکییە بــۆ هێــزی چاودێریــی خۆیەتــی لای تاکەکانــی، واتــا هێــزی ویــژدان کــە لــە کەســایەتیی تــاک دروســت دەبــێ لەمیانــی پــەروەردە و پێگەیانــدن لەنــاو خێــزان، ئــەم ویژدانــە دەبێتــە ڕابــەر و

چاودێــر لــەدەر ڕەفتــاری تــاک کــە یــاوەرە بــۆی لــە هەمــوو ڕەوشـــت و ڕەفتارەکانی)**الســـید، ١٩٩٥: ٣٨ - ٣٩)**.

تـاک لەنـاو خێزانـدا فێـری بیرۆکـەی هـاوکاری (**Co - Op-eration**) دەبێــت. ئەوکاتــەی کــە خــۆی لەنـــاو خێزانێــک دەبینێتـــەوە کـــە دایـــک و بـــاوک و منداڵەکانیـــان هاوکاریـــی یەکـتر دەکـەن لـە پێنـاو فەڕاهەمکردنـی هۆکارەکانـی بژێـوی ژیـان و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری خێـزان و پاراسـتنی ئاسـایش و بەختیارییەکـەی، هەروەهـا چالاکییـە هاوبەشـەکانی خێـزان کاریگەرییەکانـــی خـــۆی هەیـــە لـــە پەلهاویشـــتنی بیرۆکـــەی هـــاوکاری وەک ئـــەو چالاکییانـــەی کـــە خێـــزان ئەنجامیـــان دەدات لــە بۆنــە جیاوازەکانــدا( **الجابــري، ١٩٩٧: ٤١)**.

لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا دۆخەکـە هـەر بـەم چەشـنە بـووە، پەروەردەکردنـــی منـــداڵ بـــە پلـــەی ســـەرەکی لـــە ئەســـتۆی خێـزان بـووە لەسـەرەتای لەدایکبوونـی منـداڵ بەرپرسـیارەتیی فێرکـــردن بـــە تـــەواوی دەکەوێتـــە ئەســـتۆی دایک)**نیکیتیـــن، ١٩٦٧: ١٨٥)**.

**باسـیل نیکیتیـن**، جەخـت دەکات لەسـەر ڕۆڵـی پـەروەردەی دایــک لــە نێــو خێزانــی کــوردی، بەجۆرێــک هــەر دایکەکــە پـــەروەردە و فێرکردنـــی سروودی نیشـــتمانی و هەڵپەرکـــێ و ســوارچاکیی و نووســین لــە خــۆ دەگرێــت )**هەمــان ســەرچاوە، ١٨)**.

خێـزان بەگرنگتریـن دامەزراوەکانـی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتـی دادەنرێـت، کـە تاکـەکان لـەو ڕێگەیـەوە دابونەریـت و بەهـا کۆمەڵایەتییـــەکان دەگوازرێتـــەوە، لـــە ژێـــر ڕۆشـــنایی ئـــەم ڕەوتـە قۆناغـی یەکەمـی ژیانـی منـداڵ لـە خێزانـەوە دەسـت پــێ دەکات، منــداڵ لەوێــدا هۆشــیاری ئــەوەی لــێ دروســت دەبێـت کـە بوونەوەرێکـی زینـدووی خـاوەن بوونـی خۆیەتـی، ئینجـا هۆشـیاری لەبـارەی ئـەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی کـە تێیـدا دەژی پەیـدا دەکات(**زیبــاری، ٢٠٠٨: ٣٢)**.

دایـک یەکەمیـن پـەروەردەکاری مرۆڤـە، کاری پـەروەردەش وەک (جـان جـاک روسـو) دەڵـێ: ئەرکێکـی ترسـناکە، لێـرەوە مەبەسـت لـە ترسـناک، هەسـتیاری و ترسـناکیی ئـەو قۆناغەیـە کـە منـداڵ لـە دۆخـی بـەردەوام وەرگرتنـی بەهـاو دابونەریـت و نۆرمەکانــە لەنــاو خێزانــدا. دایــک پێدەرێکــی ســەرەکیی بەهــا و نۆرمــە بــە منداڵ)**گەرمیانــی، ٢٠١٥: ٧٦)**.

بۆیـە زۆربـەی توێژینـەوە مەیدانییـەکان جەخـت لـەوە دەکەنـەوە، فێرکردنـی دایـک بـە وەبەرهێنانێکـی بەهێـز دەژمێـرن، هەرچەنـدە ئاسـتی فێرکـردن و ڕۆشـنبیری دایـک زیاتـر بێـت، ئـەوا بەیەکگەیاندنـی نـەوەکان توانـای زیاتریـان دەبێـت لـە بیرکردنـەوەی زانسـتیی و لۆژیکی)**ڕشـوان، ٢٠١١: ٧٣).**

لێـرەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە خێـزان کەناڵێکـی گشـتیی و بنەڕەتییـە ئاراسـتەکردنی فیکـری و بیروبـاوەڕی نەوەکانـی کۆمەڵگـە دادەنرێـت و گرنگـی پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی و ئاکاریـی خێـزان کەمـتر نییـە لـە گرنگـی دەزگا کولتـووری و پەروەردەییەکانـی تـر. خێـزان یەکەمیـن دەزگای سـەرەکییە کار دەکاتـە سـەر بیروبـاوەڕ و هەڵوێسـت و ڕەفتـار و ئـاکاری تاکەکەسی)**حسـن، ١٩٨٥: ٩).**

دەردەکەوێـت کـە خێـزان وەکـو قوتابخانـە وایـە، کـە منداڵەکانـی ئامـادە دەکات بـۆ بەشـدارکردن لـە چالاکییەکانـی کۆمەڵگـە، و ئامادەیـان دەکا بـۆ قبوڵکردنـی دەسـەڵات لـە کۆمەڵگـەدا، و لـە هەمانکاتـدا فێـری خۆشەویسـتیی کۆمەڵگـە و هاوکارییـان لەگـەڵ ئەندامەکانـی دەکات، بەمـەش ڕادەهێنرێـت لـە میانـی خۆشەویسـتی و گوێڕایەڵـی بـۆ دایـک و بـاوک بـۆ قبوڵکردنـی دەسـەڵات و ڕێزگرتـن لـە یاسـا، بـۆ فێرکردنـی یەکسـانیی نێـوان ئەندامەکانـی کۆمەڵگـە لـە ڕێگـەی چەسـپاندنی یەکسـانی لـە نێـو برایەکانـی لـە خێزان)**مجـازي، بـدون تاریـخ في الطبـع، ٩٧).**

خێـزان پـەروەردە و فێرکردنـی ئەندامەکانـی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، کار دابیـن دەکات بـۆ ئەندامەکانـی، هۆکارەکانـی بەسـەربردنی کاتـی دەسـت بەتاڵیـان بـۆ فەراهـەم دەکات، ئاسـانکاریی خۆشـگوزەرانی بـۆ دابیـن دەکات، توانـای ئابووریـی وەدی دەهێنێـت و تەنانـەت تاکـەکان فێـری ئاییـن دەکات. ئـەو جـۆرە پەیوەندییـە کـە بەپێـی ئـەوە ئەندامانـی خێـزان پەیوەندییـان پێکـەوە هەیـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆمەڵێـک یاسـا و سرووت و دابونەریتەدایـە کـە پێگـە و ڕۆڵـی تاکـەکان دەستنیشـان دەکات و ڕۆڵیـان هەیـە لـە پرۆسـەی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتی(**موحسـینی، سـەرچاوەی پێشـوو، ٣٨٢).**

لـە جیهانـی هاوچەرخـدا سـەرەڕای ئـەو جیاوازییـە بەرچـاوەی لـە کۆمەڵگـە جیاوازەکانـدا هەیـە لەسـەر ئەرکەکانـی (خێـزان) دەتوانیـن ئەرکـە سـەرەکییەکانی خێـزان لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە کـە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەخۆ، ئەرکـی کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتـی ئەنجـام دەدەن(**هەمـان سـەرچاوە، ٣٨٥-٣٨٧).**

قۆناغـی بەخێوکـردن و پەروەردەکـردن، لـە تەمەنـی منداڵیـدا دەبێتـە ئەرکـی سـەرەکیی دامـەزراوەی خێـزان، سـاوایانی ئـەو قۆناغـە کـە دایـک بـە پلـەی یەکـەم و بـاوک بـە پلـەی دووەم بەخێـوی دەکـەن، پـەروەردە کـردن لـە ئەسـتۆی ئەواندایـە. بەخێوکـردن و پەروەردەکـردن دوو ئەرکـی جیـاوازی خێزانـن، بـە خێوکـردن گەشـەدانە بـە بـاری فیزیکـی ئـەو سـاوایە لـە ئەنجامـی دابینکردنـی پێداویسـتییە فیزیکییـە سـەرەتاییەکان وەکـو: خـواردن، خواردنـەوە، جلوبـەرگ، پەروەردەکردنیشـی گەشـەدانە بـە ئـارەزوو ئەندێشـە و دەروونـی منـداڵ لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی کەشـێکی ئـارام بـۆی، بـەم شـێوەیە ئاڕاسـتەکردنی بـۆ ڕێبـازی ژیـان ئامـادە دەبێـت، مارگریـت میـد دەڵـێ: منـداڵ پێویسـتە فێـر بکرێـت چـۆن بیـر بکاتـەوە، نـەک بیـر لەچـی بکاتەوە(**گەرمیانـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ٧٥).**

بـاوکان و دایـکان خاوەنـی مافـی یەکەمـن لـە هەڵبژاردنـی شـێوەی پەروەردەکردنـی ئەندامانیـان، دایـک یەکەمیـن کەسـە کـە ڕووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە سـاکارە دەبێتـەوە کـە منـداڵ دەیانـکات، بۆیـە هۆشـیاریی دایـک، بڕیـاردەرە لـەوەی چـۆن لەسـەرەتاوە زەینـی منـداڵ بـە زانیـاری دروسـت بـکات. ئەندێشـەی ئـەو بـۆ پرسـیار ئامـادە بـکات. دایـک یەکەمیـن مامۆسـتای زمـان و ڕەوانبێـژی و لۆژیکـە بـۆ مـرۆڤ، بۆیـە ڕۆڵـی دایـک و خێـزان لـە پـەروەردەدا بـێ وێنەیـە (**هەمـان سـەرچاوە، ٧٥).**

دواجـار دەردەکەوێـت کـە بـاوکان و دایـکان خاوەنـی مافـی یەکەمـن لـە هەڵبژاردنـی شـێوەی پەروەردەکردنـی ئەندامانیـان، ئەرکـی خێزانـە ئەندامەکانـی لەسـەر بنەمـای دابونەریـت، ئـاکارەکان، بەهـا پیرۆزەکانـی کۆمەڵگـە ڕابهێنـن و فێریـان بکـەن، هەروەهـا بـە سـۆز و خۆشەویسـتییەوە گەورەیـان بـکات، فێـری ڕێزگرتـن و پەیوەنـدی دروسـتکردن و چۆنیەتیـی بیرکردنەوەیـان بکات)**عەبدوڵـڵا، ٢٠١٠: ٣٥).**

**تـەوەری چـوارەم: ئاشـنا بـوون بـە ئەنجـام و پێشـنیار و ڕاسـپاردەکانی توێژینەوەکـە:**

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- بەپێــی ئامانجــی یەکەمــی توێژینەوەکــە، ڕاســتییەک دەردەخـات و ڕوونـی دەکاتـەوە کـە خێـزان وەک یەکەیەکـی کۆمەڵایەتـی زۆر گرنـگ و کارا بـۆ ڕاهێنـان و پەروەردەکردنـی تاکەکانی، ڕۆڵـی سـەرەکی و بنچینەیـی دەگێڕێت وەک یەکێـک لـە ئامرازەکانـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی. بۆیـە خێـزان گرنگـی و بەهاکــەی لــە ڕەفتــاری ئەندامەکانــی بــۆ بەرهەمهێنانــی تاکـی تەندروسـت لـە ڕەفتـار و گوێڕایەڵـی لـە دایـک و بـاوک ئەندامانــی گــەورەیماڵــەوە دەردەخــات.

٢- خێـزان وەک یەکێـک لـە کۆنتریـن یەکـەی کۆمەڵایەتـی، داینەمــۆی بەرهەمهێنانــی تــاک، ڕۆڵــی بەرچــاوی لــە بەخشـینی سـوود بـە تـاک و دواجـار گەیاندنـی بـە کۆمەڵـگا و کۆنتڕۆڵکردنــی ڕەفتارەکانــی، تــاک بــە دەرچوونــی لــە هەژموونـی خێـزان سـزای بەدواوەیـە، بۆیـە ملکـەچ بوونـی تـاک بـۆ خێـزان هـۆکاری بەدیهێنانی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتییـە.

٣- تـاک ئەندامـی بنچینەیـی خێزانـە، خێـزان کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر تـاک هەیـە، لـە ئاراسـتە و ڕەفتـاری تـاک و ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی لـە نێـوان تاکـەکان لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی بەرژەوەندیـی تـاک و کۆمەڵگـەدا بـن.

٤- خێـزان لـە چاودێریکـردن و پارێزگاریکردنـی منـداڵان بـە تایبـەت تاکـو ئەوکاتـەی کـە منـداڵ لـە ڕووی پێگەیشـتنەوە قۆناغــی وابەســتەیی تێپەڕانــدووە کارێکــی پێویســتە، واتــە خێــزان پەناگــە و چەتــری ئارامــی و چاودێرییــە بــۆ ئەندامەکانــی، بــەم ئەرکــەی خێــزان دەگوتــرێ پەناگــە.

٥- بەکۆمەڵایەتیکـردن پرۆسـەیەکە، لـەم ڕێگەیـەوە مـرۆڤ لەنـاو خێزانـدا فێـری ژیـان دەبـێ. بـەم جـۆرە مـرۆڤ دۆخـی مرۆیـی بەخـۆوە دەگرێـت و کەسـایەتیی ئـەو گەشـە دەکات. پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتیبـوون بەردەوامییـەک دێنێتـە ئـاراوە.

٦- خێــزان لــە ڕێگــەی جێگەگرتنــەوە، یــان تایبەتیکردنــی پێکـەوە هەندێـک شـوێنگەی کۆمەڵایەتـی بـە ئەندامەکانـی دەســپێرێت، لــە ڕێگــەی لەدایکبوونــی ڕەواوە، شــوێنگەی منــداڵ لەنێــو کۆمەڵێــک پەیوەندیــی خزمایەتیــدا دیــاری دەکرێـت، خێـزان بـە هەمـان شـێوە شـوێنگەکانی ژیانـی تـاک و پێگــەی کۆمەڵایەتیــی ئــەو لــە ژیانــدا دیــاری دەکات.

٧- خێــزان کایەکــی دانەبــڕاوە لەگــەڵ تاکەکانیــدا، واتــە کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر ڕەفتــاری کەســایەتی تــاک هەیـە، و پـەروەردە و فێرکردنیـش لـەدوای خێـزان کاریگەریـی خـۆی دادەنێـت و دەبێتـە بەشـێک لـە کەسـایەتیی تـاک، دوا جـار لەسـەر ڕەفتـاری ڕۆژانـەی تـاک لـە کارلێـک و پەیوەندیـی لەگــەڵ ئەوانــی تــردا بەرچــاو دەکەوێتــەوە.

٨- خێـزان لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا کاریگەرییەکـی ڕەمـزی و بەهێـزی لەسـەر لایەنـی کۆمەڵایەتـی تـاک هەیـە، ئەندامانـی ئــەم کایــە کۆمەڵایەتییــە گوێڕایەڵــی و ملکەچییــان هەیــە بـۆ خێـزان لـە هەمـان کاتـدا دەرچـوون و لاسـاری لـە ژێـر چەتــری خێزانــدا بەشــێکە لــە ئــازاری ویژدانــی تاکەکانــی کۆمەڵگـە، تاکـی ئاسـوودە بـە ئاسـوودەیی کۆمەڵایەتـی لەنـاو خێزانــدا جێگیرتــر و خۆشــگوزەرانترە.

٩- خێــزان لەگــەڵ هەبوونــی ســەرجەم کایــە سیاســی و ئابـووری و پەروەردەییـەوە، بەهـای خـۆی لەدەسـت نـادات و ئەرکــی کۆنتڕۆڵــی کۆمەڵایەتــی جێبەجــێ دەکات.

١٠- کۆمەڵـگای کـوردی کـە لـە قۆناغـی ڕاگوزەردایـە، خێـزان وەک دامەزراوەیەکـی پێویسـت و کاریگـەر ڕۆڵـی سـەرەکی بـۆ بەدیهێنانـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی دەبینـێ.

**پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

١- گرنگـی زیاتـر بـە دامـەزراوەی خێـزان بدرێـت لـە پێنـاو چەسـپاندن و جێگیرکردنـی کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتیـدا، چونکـە تــا خێــزان وەک یەکەیەکــی کۆمەڵایەتــی بەهێزتــر بێــت کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی باشـتر خـۆی دەچەسـپێنێ و کۆمەڵگـە بــەرەو تەندروســتی دەبــات.

٢- پێویســتە پاڵپشــتی یاســایی بــۆ دامــەزراوەی خێــزان هەبێــت، چونکــە بەدیهێنانــی کۆنتڕۆڵــی کۆمەڵایەتــی لــە ڕێگــەی ئامــرازی (خێــزان) بــەرز دەبێتــەوە.

٣- بایەخـی زیاتـر بـە ڕۆڵ و توێژینـەوەی زانسـتی بدرێـت لـە بابەتـی ڕۆڵـی خێـزان لـە کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتیـدا.

٤- گرنگـی زیاتـر بـە توێژینـەوەی زانسـتی لەسـەر خێـزان بدرێـت، و دەرخسـتنی ڕۆڵ و بەهـای ئـەم ئامـرازە کـە چەنـد گرنگـە بـۆ کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی.

٥- ڕوونکردنــەوە و دەرخســتنی ســوودەکانی دامــەزراوەی خێـزان بـۆ بـاوان. لـە پێنـاو بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی نـاو خێـزان لەسـەر بنەمـای پـەروەردەی پێشـکەتوو و مۆدێـرن.

**لیستی سەرچاوەكان**


١- الـوافي، عبدالواحـد (١٩٥٦)، الاسرة والمجتمـع، مطبعـة عيسـى البابـلي و شركاه، القاهـرة.

٢ - السـيد، عـلي الديـن (١٩٩٥) ، الاسرة والطفولـة، بـدون دار الطبـع، القاهـرة.

٣- الجابـري، خالـد فـرج (١٩٩٧)، دور مؤسسـات الضبـط في الامـن الاجتماعـي، نـدوة فكريـة حـول الامـن الاجتماعـي، بيـت الحكمـة، بغداد.

٤- امـل خلـف (٢٠٠٦)، التنشـئة السياسـية للطفـل قبـل المدرسـة، دار عـالم الكتـب للنـشر، القاهـرة، (٦٤).

٥- ابـو حلـو، مسـلم فائـز (٢٠٠٤)، دور الاسرة في التنشـئة الاجتماعيـة للطفـل، رسـالة ماجسـتير قدمـت الـى جامعـة القـدس – فلسـطين.

٦- السـيفاني، صالحـه حـاي يحيـى (٢٠٢٠)، الضبـط الاجتماعـي و دوره في تحقيـق القيـم الاجتماعيـة لـدى طالبـات جامعيـة الطائـف، المجلـة التربويـة، العـدد الثـاني والسـبعون.

٩- جابـر، سـامية محمـد (١٩٨٢)، القانـون و الضوابـط الاجتماحيـة، مدخـل الـى علـم الاجتـماع لفهـم التـوازن في المجتمـع، دار المعرفـة الجامعيـة، الاسـكندرية، مـصر.

١٠- حسـن، د. احسـان محمـد (١٩٨٥)، العائلـة والقرابـة والـزواج، دار للطبـع والنـشر، بيـروت.

١١- خليـل، معـن. (٢٠٠٧)، كۆمەڵناسـیی خێـزان، و: ئـارام ئەمیـن جـلال، چاپخانـەی خانـی (دهـۆک).

١٤- رشـوان، حسـين عبدالحميـد احمـد(٢٠١١)، المـرأة والمجتمـع – دراسـة في علـم اجتـماع المـرأة، الطبعـة الثانيـة، دار الوفـاء لـدى الطباعـة والنـشرة الاسـكندرية.

١٥- زيبـاري، طاهـر حسـو ميـر(٢٠٠٨)، دراسـات في المجتمـع الكـردي المعـاصر، دار بيريـز، دهـوک.

١٦- زیبـاري (٢٠١٦)، ڕێبازەکانـی توێژینـەوەی زانسـتی، و: شـەهلا وەلـی جەبـار، نووسـینگەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.

١٧- سـازگارا، پەرویـن. (٢٠٠٣)، ئاوڕدانەوەیـەک لـە کۆمەڵناسـی، و: جـواد مسـتەفا سـتوپەیی، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

١٨- سـلمان، عبـد علـى(١٩٨٥)، الانثروبولوجيـا الاجتماعيـة، دار بـن الاثيـر للطباعـة والنـشر، جامعـة الموصـل.

١٩- عزیـز، پاکـزاد نـەژاد(٢٠١٦)، ڕۆڵـی خێـزان لـە پێگەیاندنـی سیاسـیدا(توێژینەوەیەکی مەیدانییـە لـە شـاری هەولێـر، نامەیەکـە پێشکەشـی ئەنجومەنـی کۆلێـژی ئـاداب کـراوە لـە زانکـۆی سـەلاحەدین – هەولێـر.

٢٠- عەبدولـڵا، چنـار سـەعد (٢٠١٠)، پـەروەردە و نەتەوایەتـی، لێکۆڵینەوەیەکـی سۆسـیۆ – مێژووییـە لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر.

٢١- عەبدولجـەواد، د. ڕەئفـەت (٢٠٢٠)، بنەماکانـی کۆمەڵناسـی، وەرگێڕانـی لـە عەرەبییـەوە: توانـا فەرەیـدون حسـێن، چاپخانـەی. مێخـەک.

٢٢- غيـث، محمـد عاطـف(١٩٧٠) ، تطبيقـات في علـم الاجتـماع، دار الكتـب الجامعيـة، الاسـكندرية.

٢٣- غيـث، محمـد عاطـف(١٩٨٩)، علـم الاجتـماع، دار المعرفـة الجامعية، الاسكندرية.

٢٤- قـادر، سـەرۆ (٢٠٢١)، مـرۆڤ پـەروەردە دەکـرێ لـە دایـک نابێـت، خانـەی موکریانـی بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چاپخانـە – تـاران، هەولێـر.

٢٥- ميشـيل، دينكـن(١٩٨٠)، معجـم علـم الاجتـماع، ت: احسـان محمـد حسـن، دار الرشـيد للنـشر، بغـداد.

٢٦- موحسـنی، مەنوچێهـر(٢٠٠٢)، دەروازەکانـی کۆمەڵناسـی، و: ڕێبـوار سـیوەیلی، موصلیـح ئیروانـی، مـراد حەکیـم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.

٢٧- مجـازي، محمـد فواد(بـدون تاريـخ الطبـع)، الاسرة والتصنيـع، مكتبـة وهبـة، القاهرة.

٢٨- معتـوق، فريدريـک(١٩٩٨) معجـم علـوم الاجتماعيـة، ،(اكاديميـا انترناشـيونال للنـشر والطباعـة، لبنـان).

٢٩- نخبـة مـن المختصيـن(١٩٩٩) علـم الاجتـماع الاسري، الشركـة العربيـة المتحـدة، القاهرة.

٣٠- نيكيتيـن، باسـيل (١٩٦٧)، الاكـراد، ترجمـة: مجموعـه مـن المؤلفيـن، دار الراوائـع، بيـروت.

-31 E. A. Ross,(1901) Social Control, the Macmillan Company New York.

-32Susanna loeb et al(2017) , Descriptive analysis in education: A guide for researchers , institute of education , national center for education evaluation and regional assistance.

https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED573325.pdf 2022/11/18.

## الملخص

هـذا البحـث الموسـوم (دور العائلـة في الضبـط الأجتماعـي - بحـث نظـري تحليـلي)، يسـلط الضـوء علـى الـدور الـذي تلعبـه العائلـة في التنشـئة الأجتماعيـة التـي مـن خلالهـا يتعلـم الفـرد اللغـة و العـادات والتقاليـد والأعـراف والقيـم الأجتماعيـة، بهـدف الأنسـجام والتكيـف مـع البئيـة الأجتماعيـة.

يتكـون هـذا البحـث مـن عـدة محـاور، المحـور الاول عبـارة عـن الاطـار العـام للبحـث، ويتضمـن مشـكلة البحـث و اهميتـه و اهدافـه و منهجـه ومفاهيمـه، امـا المحـور الثـاني فأنـه يـشرح نظريـة (ادوارد روس) في الضبـط الاجتماعـي، امـا المحـور الثالـث، فأنـه يتضمـن دور العائلـة في الضبـط الاجتماعـي. فيـما يتطـرق المحـور الرابـع الى اسـتنتاجات البحـث ومقترحاته وتوصياتـه.

الكلمات الرئيسية: العرف، الضبط الأجتماعي، العائلة.



## Abstract

The current study is a theoretical and analytical one, which deals with the role of family in social control. Additionally, the study shed the light on role that the family play in socialization through which the individual learns; language, customs, traditions, norms and social values, with the aim of harmony and adaptation to the social environment. This research consists of four sections, the first section is the general framework of the research, which includes its problems, importance, objectives, methodology and concepts. The second section explain with the theory (Edward Ross), of the social control, while the third one includes the role of the family in social control. The final section deals with the conclusions, suggestions and recommendations of the study.


Key Words: Role, Social Control, Family